# لێکەوتەکانی لادانی سەرۆکی پەرلەمان لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراق

**یاسین تەها**، خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی ئایین و ئایینزاکان، هەروەها شارەزا لە کاروباری عێراق

بڕیاری لادانی محەممەد حەلبووسی لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە تۆمەتی ساختەکردن (تەزویرکردن)ی بەڵگەنامە لەلایەن دادگەی باڵای فیدراڵییەوە لە عێراق، وەك بوومەلەرزەیەکی سیاسی تەماشا دەکرێت لە کاتێکی هەستیاردا. ئەم هەنگاوە شوێنەواری لەسەر نەخشەی هێز دەبێت لە شەقامی سوننەی عێراق، هەروەها لەسەر فۆرمی پەیوەندیی نوێنەرانی ئەم پێکهاتەیە لەگەڵ چوارچێوەی شیعیی حوکمڕان. دادگەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پشتئەستوور بە دەستوور و یاسا بەرکارەکان کار دەکات و، دوورە لە باکگراوندی سیاسی[1]، بەڵام محەممەد حەلبووسی پێداگرە کە بڕیارەکە "نامۆ"یە و، پێچەوانەی دەستوور و پێشینەی کاری دادگەکەیە، چونکە لادان یان هێشتنەوەی پەرلەمانتار تەنیا بەدەنگدانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانە نەك بە بڕیارێکی دادوەریی بنجبڕ[2]. جگە لەوەیش ناوبراو هاتە سەر هەمان ئەو بۆچوونەی پێی وایە دادگەکە سنووری خۆی بەزاندووە و حیساب بۆ بڕگە و ماددە دەستوورییەکان ناکات و بە تێگەیشتنی خۆی بڕیار دەردەکات.

هەندێك لە لایەنە شیعەکان، لەوانەیش لیستەکەی مالیکی، بەرگری لە بڕیارەکەی دادگە دەکەن و جەخت دەکەنەوە چاری تر لە بەردەم حەلبووسیدا نییە، جگە لە پابەندبوون[3]. بەڵام هەندێك سەرچاوەی تری ئاگادار، باس لەوە دەکەن دادگەکە فەرمانی وەرگرتووە بۆ تەقاندنەوەی ئەو بۆمبە سیاسییە[4]، لە کاتێکی هەستیاردا کە مانگێك بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە و حزبەکەی حەلبووسی (التقدم) بەغدا و پارێزگاکانی تری پڕ کردووە لە پۆستەر و وێنەی کاندیدان؛ هەروەها بەگەرمی کار بۆ پاراستنی ئەو یەکەمییە دەکات کە لە هەڵبژاردنی گشتیی 2021 لەناو هاوتا سوننەکانی بەدەستی هێنا (37 کورسی) لە کۆی دەوروبەری 70 کورسیی تەرخانکراو بۆ بازنەی شار و ناوچە بەزۆرینە سوننەکان.

بەپێی هەندێك لەو ئاماژە و بەڵگانەی بەردەستن، حەلبووسی کە پێشتر پارێزگار و پەرلەمانتار بووە، بە پشتیوانی و ڕەزامەندیی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران پۆستی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی لە خولی چوارەمدا وەرگرتووە (2018)[5]، بەڵام لە پێنج ساڵەی ڕابردوودا ناوبراو بە شێوەیەکی بەرچاو پێگەی هەڵکشا؛ لەم ماوەیەدا حزبە سیاسییەکەی چالاك کرد کە دەسکەوتە شەخسییەکانی حەلبووسی لە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی ئەنبار، ئاساییکردنەوەی ژیان لە ڕۆژاوای عێراق و ئاشتەوایی لەگەڵ بەغدا، تەوەری سەرەکیی دروشم و بانگەشەکانی ئەم حیزبەیە، لە پشتپەردە و بە ناڕاستەوخۆیش ئاماژە بۆ بە هەرێمکردنی پارێزگاکە دەکات. حیزبی "التقدم" زیاتر لە تەوژمیش دەچێت و جیا لە ئەندام، جەماوەرێکی زۆریشی لە ڕۆژاوای عێراق و پارێزگا سوننەکانی تر کۆ کردووەتەوە، لە کاتێکدا هیچ لە سەرۆکی پەرلەمانەکانی تری پێشووی سوننە (مەشهەدانی، سامەڕایی، نوجێفی، جبووری) نەیانتوانیوە ئەوە بکەن و لە سنووری پارێزگاکانی خۆیان دەربچن یان ببنە سەرۆکێکی جەماوەری لەناو پێکهاتەکەی خۆیان.

لە پاش کۆتاییهاتنی چیرۆکی هاوپەیمانیی سێقۆڵی (ڕەوتی سەدر، تەقەدووم، پارتی) بە کشانەوەی سەدر لە پەرلەمان (15ی حوزەیرانی 2022)، باوەڕێکی زاڵ هەبوو کە حەلبووسی بەر تۆڵەی چوارچێوەی شیعی بکەوێت؛ بەو پێیەی لاوازترین ئەڵقەی هاوپەیمانییەکە بوو لە ڕووی ئەوەی پارێزگاکەی چواردەور گیراوە بە گرووپی چەکداری شیعە؛ هەرێم و زۆنێکی دەستووریی نییە خۆی پێ بپارێزێت؛ هێزی چەکداریشی نییە. لەمەیش گرنگتر، لەناو سوننەکان ڕکابەری زۆرە و جێگرەوەی زۆریشی هەیە کە چاویان لە پۆستەکەیەتی؛ هەندێك لەوانەیش توانای یاریکردنی سیاسییان هەیە لە نموونەی ڕافیع عیساوی و موسەننا سامەڕایی، بەڵام پێویستیی چوارچێوەی شیعە بۆ سەرپێخستنی حکوومەتی سوودانی، ناچاری کردن بە هێشتنەوەی حەلبووسی لە پۆستەکەی. نەك هەر ئەوە، لە کۆتاییی ئەیلوولی 2022 شیعەکان دەنگیان دا دژی ئەو دەستلەکارکێشانەوەی حەلبووسی بۆ نوێکردنەوەی متمانە لەسەر پۆستەکەی لە پەرلەمان پێشکەشی کردبوو (222 دەنگ)[6]، لە کاتێکدا لە سەرەتای 2022 ناوبراو، کە کاندیدی هاوپەیمانیی سێقۆڵی بوو، بە 200 دەنگ هەڵبژێردرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی خولی پێنجەمی پەرلەمان[7].

لەم خولەدا حەلبووسی وەك هاوپەیمانی وڵاتانی کەنداو و پاشان دۆستی تورکیا ئاماژەی بۆ دەکرا؛ جگە لە سەردانی قەتەر و ئیمارات و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی کۆمکاری وڵاتانی کەنداو، لەگەڵ "ئەردۆغان"ی سەرۆككۆماری تورکیاش هەندێك دەرکەوتنی ئاشکرای هەیە. لە ماوەی ڕابردوویشدا دروشمێکی مشتومڕهەڵگری بەرز کردەوە کە دڵێت "نحن أمة"[8]، وەك ئاماژەیەك کە ئەوان تەنیا کۆمەڵێك کارەکتەر و حزبێکی سیاسی نین، بەڵکە نوێنەرایەتیی خەون و خولیا و چاوەڕوانییەکانی ئوممەتێك دەکەن؛ وەك ئاماژەیەك بۆ پێکهاتەی عەرەبی سوننە و قووڵاییە عەرەبی و مەزهەبییەکەی. ئەمەیش بڕێك بۆ چوارچێوەی شیعە بێزارکەرە کە لە ئەزموونی پاش 2005 بەدواوە هەوڵی ڕامکردن و کۆنترۆڵکردنی سەرجەم ئەو سیاسەتوان و بەرپرسە سوننانەیان داوە کە پۆستە جومگەیی و هەستیارەکانی پشکی ئەم پێکهاتەیان لە دەوڵەتدا وەرگرتووە.

بەم دواییانە تۆمەتی ئەوەیش خراوەتە ئەستۆی حەلبووسی، کە نزیکە لە بەرەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل (التطبیع)[9] و، بەوەیش تۆمەتبار کراوە گرێبەستی کردووە لەگەڵ کۆمپانیایەکی پەیوەندییە گشتییەکان لە ئەمریکا کە ڕاوێژکارەکەی "ئیهود باراك"ی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری ئیسرائیلە[10]. مەسەلەی ئەم گرێبەستەیش بەشێك بووە لەو تۆمەتانەی لە دادگە باس کراون بەبێ ئاماژەکردن بە ڕەهەندە ئیسرائیلییەکەی بەفەرمی؛ وروژاندنیشی لە ئێستادا، زیاتر دەشێت کەڵکوەرگرتن بێت لە بارودۆخی خرۆشاوی شیعی و عەرەبی لە دەرەنجامی جەنگی خوێناویی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە.

لادانی حەلبووسی، نەخشەی هێز لە شەقامی سیاسیی سوننە دەخاتە بەردەم ئەگەری گۆڕانکاریی گەورە، چونکە سەرچاوەی هێز لەناو پێکهاتەی سوننە پۆستە سیادییەکانی بەغدایە؛ هەروەها کێشە و گرفتی زیاتریش بۆ کابینەکەی سوودانی دروست دەکات. هاوتای ئەمەیش خزمەت بە ئەجێندای باڵە چەکدار و ڕاستڕەوەکانی ناو چوارچێوەی شیعە دەکات کە دژی قووتبوونەوەی هەر کەسێکی کاریگەری سوننەن کە هێز لە وڵاتانی کەنداو و تورکیاوە وەربگرێت، یان سنووری دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی خۆی تێ پەڕێنێت و خۆی وەك ڕێبەرێکی گەورەتر لە پۆستەکەی بناسێنێت. لە هەمان کاتیشدا پێشهات و پێشینەیەکە کە دەستی دادگەی باڵای فیدراڵی زیاتر واڵا دەکات لە دەستبردن بۆ پرسی زۆر هەستیار و مشتومڕهەڵگر. ئەم جۆرە پرسانە جاران بە سازان (توافق) و لە ڕێگەی میکانیزمی سیاسیی خاوەوە ئەنجام دەدران کە قابیلی تێهەڵچوونەوە و ڕاگرتن و گۆڕانکاری بوون، بەڵام بڕیارەکانی دادگە بنجبڕ و یەکلایی و تیژن و نەرمییان

تێدا نییە. ئەمەیش ئاماژەنمایەکی جێگە نیگەرانییە لە وڵاتێکدا کە سازان، کراوە بە بنەمای پێکەوەژیانی سیاسیی هێزە حوکمڕان و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئیتنی و مەزهەبییە جیاوازەکانی.

دەربارەی هەرێمی کوردستان، لادانی حەلبووسی ئاماژەی نیگەرانکەری تێدایە، لە هەمان کاتدا دەکرێت هەندێك دەرفەتیش بڕەخسێنێت. لە لایەك گرژیی سیاسی و ئەمنی لەم دۆخە هەستیارەدا بۆ بارودۆخی گشتیی وڵاتەکە خراپە، بەتایبەت کە عێراق خۆی لە بنەڕەتدا گیرۆدەی بارگرانییەکانی جەنگی غەززەیە؛ هەرێمیش بەشێکە لەو ڕەوشە گشتییە. هەروەها باڵادەستیی زیاتر بۆ دادگەی فیدراڵی مسۆگەر دەکات لە یەکلاکردنەوەی پرسە هەستیارەکان بەپێی قەناعەت یان پێدراوەکانی بەردەستی خۆی، لە کاتێکدا ئەو دادگەیە هێشتا ئەوە نییە کە دەستوور نەخشەی بۆ کێشاوە و کەلێن و کەموکوڕی لە پێکهێنانیدا هەیە. هاوتای ئەم نیگەرانییانەیش ئەو قەیرانەی بەهۆی لادانی حەلبووسییەوە ڕووی لە کابینەی سوودانی و شیعەی پراگماتیزمی ناو چوارچێوە کردووە، دەکرێت هاندەر بێت بۆ کرانەوەی زیاتری بەغدا بەڕووی پێکهاتەی کوردیدا بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییی حەلبووسی و قایمکردنی بنکەی سیاسیی حکوومەتەکە. ئەوەیشی ئەم ئەگەرە زیاتر دەکات، خەم و ژانی زۆری شیعەکانە بەدەست بایکۆت و مرقکردن و سەنگەرگرتنی سەدر لە کابینە و لە کۆی پرۆسە سیاسییەکە؛ ئێستا ئەمەی حەلبووسی و بنکە جەماوەرییە بەرینەکەیشی هاتۆتە سەری، لەو لایشەوە دووکەڵی جەنگ لە غەززە ئاسمانی عێراقی گرتووە و لەگەڵ ئەمریکا کەوتووەتە دۆخێکی هەستیار و دووڕییانەوە. بۆ قۆستنەوەی ئەم دەرفەتەیش لایەنە کوردییەکان پێویستیان بە پلان و دانوستان و، هەروەها هەوڵی نێوانگرییش هەیە لە نێوان هەردوو لای کێشەکە بۆ ئەوەی قەرەبووی بەشێك لەو دابڕانەی پێشوو لەگەڵ بەغدا بکەنەوە.

سەرباری ڕچەشکێنیی بڕیارەکانی دادگەکەیش لە پرسە هەستیارەکان، کە هەندێك لەوانە ڕەهەندی نێودەوڵەتییان هەبووە (هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی خۆر عەبدوڵڵا لەگەڵ کوێت)، لەگەڵ ئەوەیشی بڕیارەکەی لە دژی حەلبووسی، پشتئەستوورە بە بەڵگەی سەلمێنراو کە ناوەندە یاساییە چاودێرەکان پشتڕاستی دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت تا ئێستا پشکی شێری ئەو هەنگاوانەی دادگە، ئاراستەی پێکهاتەکانی دەرەوەی شیعەی حوکمڕانن. دادگەکە بۆ سەلماندنی نیازپاکی و پیشەییبوونی خۆی، پێویستیی بە هەنگاوی زیاترە لە چەشنی ئەو بڕیارەی لە کۆتاییی 2021 دژی پێداگری و داوای چوارچێوەی هاوئاهەنگی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی گشتی، دەری کرد[11]. بەشێك لە چارەسەرکردنی ئەم بەدگومانییەیش لە دادگە لە مەودای دووردا، بە تۆکمەکردنی پێکهاتەکەی دەبێت لە ڕێگەی پێکهێنانی ئەو دادگەیەی لە دەستووردا ڕێکارەکانی دیاری کراوە و ماوەی چەندان ساڵیشە دەرکردنی یاساکەی پەکی کەوتووە.


https://2u.pw/yCICuwu [1]

https://2u.pw/ZA2mWL4 [2]

https://2u.pw/RsIKEMb [3]

https://2u.pw/EA5ntXb [4]

https://2u.pw/9AF6Miv [5]

https://2u.pw/yz2gDHb [6]

https://2u.pw/xpFCGGz [7]

https://2u.pw/MnfZEGu [8]

https://2u.pw/PSW40Qc [9]

https://2u.pw/sWIx5ZX [10]

https://2u.pw/7JZYRkM [11]